ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

## شەونمە شیعر



**گەلاوێژ حەمە قادر**

تەمەنێکە چاوەکانم
داوەتە دەست چاوەڕوانی
وا بینایشم لە دەستدا
تۆ هەر تەشریفت نەهانی
***
تەمەنم کرد بە قوربانی
ساتەکانی چاوەڕوانی
کەچی نەخۆت جارێ هاتی و
نە بەو قوربانیەشت زانی
***
دووریت ناخی هەڵتەکانم
تەنیایی تێکی شکانم
چاوەڕوانیش هێواش هێواش
مۆمی تەمەنی سووتانم
***
بە ڕێژنە بارانی عیشقت
خەمی ناخم بشۆرەوە
ببە بە هەناسە و ڕۆحم
بە ئەوینت شادکەرەوە
***
لەوڕۆژەوەباخی دڵم
شەماڵی تۆی لێ تۆراوە
وەک گەڵایەکی هەڵوەریو
لەرێشانە بە دەست باوە
***
لەوەتەی تۆ بەجێت هێشتووم
تەنیایی و خەم ناخی خواردووم
شادیم لەگەڵ تۆیا رۆی و
گریان بەرۆکی لێگرتووم
***
بۆچی هێشتت جیابینەوە
خۆ ئێمە یەکمان خۆشئەویست
بۆ یەک ئەژیاین و ئەمردین
بە دڵ یەکتریمان ئەویسیت
***
لەوەتەی لێک دابڕاوین
چاوکاری گریان و زارە
سەری کاسم مەستی خەمە و
دڵیشم چاوگەی ئازارە

# مەسعود ئەزگی باس لەژیان و بەرهەمەکانی دەکات



هونەرمەند **مەسعود ئەزگی** لە دیدارێکدا کە ڕێزدار **مستەفا غازی** لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، باس لە ژیانی تایبەتی خۆی و بەرهەمەکانی دەکات و دەڵێ: 'من ساڵی ١٩٦٣ لە شاری دیاربەکر چاوم بۆ ژیان کردۆتەوە، ژنم هێناوەو سێ منداڵم هەیە'

هونەرمەند لە درێژەی قسەکانیدا باس لە سەرەتای کاری مۆزیک دەکات و دەڵێ: 'چەندین ساڵ بەشێوەیەکی ئاماتۆری سەروکارم لەگەڵ مۆزیکدا هەیە، ئێستا لە شارۆچکەی ئالانیا دەژیم، بەڵام لە ڕاستیدا من دیاربەرکریم. هەر لە منداڵیشەوە حەزم لە مۆزیک کردووەو بە لێدانی باغلەمە دەستم پێکردووە! تا ئێستاش دوو ئەلبومم بەرهەم هێناوە، یەکەمیان بەناوی **(ئەزگی ئیرماگی)** و دووەمیشیان بەناوی **(گۆزلەرن بیر چفت یاگن)**.

مەسعود ئەزگی زۆر بە کارو بەرهەمەکانی ئەحمەد کایای هونەرمەند سەرسام بووە، لەم بارەیەوە دەڵێ: ' مردنی ئەحمەد کایای هونەرمەند زۆر کاری لێکردم و دڵتەنگی کردم، چونکە دەنگ و گۆرانیەکانی ئەو هونەرمەندە کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی من دانابوو، مردنەکەشی کاریگەری زۆری لەسەر دانام، بۆیە سترانێکم بۆ ئەو چڕی، ئەو گۆرانیە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنگی دایەوەو پێشوازی لێکرا. پێموایە زۆربەی خەڵک حەزی لێدەکەن'

مەسعود ئەزگی سەبارەت بەو هونەرمەندانەی کە کاریگەریان لەسەر داناوە، دەڵێ: ' هەندێک هونەرمەند هەن کە زۆر کارم لێدەکەن و زۆریش کاریگەریان لەسەر داناوم، بەردەوام گوێیان لێدەگرم، لەوانەش ئەحمەد کایا، موسا ئەرۆغلۆ، یاووز بنگۆلی، حوسەین تۆران، جەنگیز ئۆزکان، حەسرەت گوڵتەکین' هەروەها زۆر گوێ لە گۆرانیەکانی تەحسین تەها، شڤان پەروەر، محەمەد شێخۆ، محەمەد عارف، ئارام تیگران، دینۆ، مریەم خان، کاوێس ئاغا و ئەوانی دیکە دەگرم.

سەبارەت بە گۆرانیەکانی خۆی، مەسعود ئەزگی دەڵێ: ' گۆرانی تو گولی ، منی ناساند، کاتێک ئەو گۆرانیەم لە تەلەفزیۆنی ٢١دا لە دیاربەکر گوت، کەوتە سەرزاری هەموو خەڵک، زۆربەی گەنجان ئەو گۆرانیەیان دەگوتەوە، بەوهۆیەشەوە بەباشی ناسرام. ئێستاش خۆم بۆ ئەلبوومی دیکە ئامادە دەکەم، بەڵام تا تەواو نەبێ، هیچ قسەیەک ناکەم و هیچ نادرکێنم.

# بنەماڵەی چن چی لە جەژنوارە سەرکەوتن بەدەست دێنێ

لە ڕۆژانی ٢٥ی تا ٢٨ی ئاب حەوتەمین جەژنوارەی شانۆی کوردی لە شاری سەقز بەڕێوەچوو. لەم جەژنوارەیەدا چەندین شانۆگەری کوردی پێشکەش کران، لە دوایین ڕۆژدا بە بڕیاری داوەرانی جەژنوارەکە شانۆگەری **بنەماڵەی چن چی** بەیەکەم ناسراو بەختی ئەوەی پێدرا کە لە بیست و حەوتەمین جەژنوارەی نێودەوڵەتی فەجر کە لە تاران بەڕێوەدەچێ، بەشداری بکات.

شانۆگەری بنەماڵەی چن چی لە بەرهەمی تیپی شانۆی شاری بۆکانەو هونەرمەند ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە بەرهەمی هێنابوو.

جێگەی ئاماژەیە کە حەوتەمین جەژنوارەی شانۆی کوردی بە شانۆگەری **خوایا ئیمان بدە**، دەستی پێکرد، ئەو شانۆگەریە بەرهەمی حامید ئیسماعیل وەند بوو، هەروەها هونەرمەند شادی ئەمیری بە تەنیا ڕۆڵی تێدا دەگێڕا. هەر لە ڕۆژی یەکەمدا شانۆگەری **کەژاڵ** کە بەرهەمی هونەرمەند سەعید خەیرولئیلاهی بوو، باسی لە دژە شەڕ دەکرد.

لە دووەمین ڕۆژی جەژنوارەکەدا شانۆگەری **ئێمە دەتوانین** نمایش کرا کە تیپی شانۆگەری شاری قۆچان لە خۆراسانەوە ئامادەیان کردبوو. هەر لە دووەمین ڕۆژدا شانۆگەری **ماچ و فرمێسک** نمایش کرا کە بەرهەمی هونەرمەند سەلاح محەمەدی بوو، وەک یەکەمین بەرهەمی شاری سەقز پێوانەی بۆ دەکرا. دواتر شانۆگەری بنەماڵەی چن چی نمایش کرا. هەر هەمان ڕۆژ لە نزیک هۆڵی جەژنوارەکە چەندین پارچە هەڵپەرکێی کوردی پێشکەش کران.

شانۆگەری ژیلەمۆ، بەرهەمی فەرەیدونی حامدی لە سەقز لە سێیەمین ڕۆژدا نمایش کرا. هەر هەمان ڕۆژ شانۆگەری بەڵێنگەی نەهەنگەکان نمایش کرا کە بەرهەمی هونەرمەند ئەمیر خاکپور بوو. هەروەها شانۆگەری **داولەکانی شەڕ** بەرهەمی هونەرمەند ئەفشین ناسری نمایش کرا.

**ئامادەکردنی: ئاران**

# مۆزیکی هیپ هۆپ یاخیبوونە



**دەز دەنیز** یەکەمین ژنی کوردە کە گۆرانی لەگەڵ مۆزیکی هیپ هۆپ دا دەچڕێ و لەلایەن مۆزیک زانانیشەوە بە هونەرمەندێکی لێهاتوو دادەندرێ، سەبارەت بە مۆزیکی هیپ هۆپ دەڵێ: 'هیپ هۆپ تێکەڵاوکردنی سیاسەت و هونەرە، خۆی لە خۆیدا یاخیبوون و سەرهەڵدانە'

دەنیز یەکەمین ئەلبومی خۆی لەژێر ناوی **ئەو کی بوو**، بەهاوکاری کۆمپانیای میر مۆزیک بڵاوکردۆتەوە، لەو ئەلبومەدا بە زاراوەکانی کرمانجی و سۆرانی و زازاکی گۆرانی دەڵێ، هەروەها بەزمانی تورکیش چەند گۆرانییێکی تۆمار کردووە. ئەو پێیوایە لە ڕێگەی مۆزیکی هیپ هۆپەوە دەتوانی منداڵی تەمەن ٧ ساڵی تا ٧٠ ساڵی وەسەما دەخات و کۆیان دەکاتەوە. دەنیز ماوەی چوار ساڵ خەریکی ئەلبومەکەی بووە کە دە تراکتی لەخۆی گرتووە.

دەنیز سەبارەت بەو ئەلبومە دەڵێ: 'مخابن ئەلبومەکەم لە تورکیا پێکنەهات، بۆیە گەڕامەوە ئەڵمانیا، لەوێ بەهاوکاری هونەرمەندان میکایل ئەسلان و هۆزان شەمدین و چەندین هونەرمەندی دیکە وەبەرهەم هاتووە.

# ئارا دوو هەفتە بڵاو دەکاتەوە

دووهەفتەیە نوێترین ئەلبومی هونەرمەندی گۆرانیبێژ **تارا ڕەسوڵ** و نۆ گۆرانی لەخۆی گرتووەو لە هەفتەی ڕابردوودا لە باشووری کوردستان دا بڵاوکرایەوە.

نۆ گۆرانیەکەی ناو ئەلبوومەکە بریتین لە: دووهەفتەیە لە هۆنراوی حەمەسەعید حەسەن، سۆز لە هۆنراوەی ڕێدار سابیر، بێوەفا لە تێکستی ئەکرەم ئەمین، دڵەی شێتم لە هۆنراوەی کەژاڵ ئەحمەد، تامردن لە تێکستی ڕێدار سابیر، "ئازیزەکەم لە هۆنراوەی محەمەدی حاجی قادر، ڕانیە لە هۆنراوەی مەهاباد قەرەداغی، لاوکێ من لە تێکستی زانا جەبلی، قەڵادزێ لە هۆنراوەی محەمەد قەرەداغی، ئاوازی پێنج لە گۆرانیەکان هەڵکەوت زاهیر پێیداوەو چوارەکەی دیکەش هی هونەرمەند حەسەن غەفورن.

ژەنیاران، سەید ئەحمەد ڕەواندزی، ڕێبین جەمال، زانا ئەنوەر، عارف شەکوری، هێمن حوسێن، حەسەن غەفور، هاوکاریان لەگەڵ دا کردووەو کاری مۆزیکیان بۆ ئەنجام داوە.

ئێمەش بەناوی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل هیوای سەرکەوتن بۆ تارا ڕەسول و هاوکارانی دەخوازین.

# فیلمی دڵۆپێک لە دەریا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان نمایش دەکرێ

بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، کاتژمێر ١٥،٣٠ی ڕۆژی ٢٦-٨-٢٠٠٨ کورتە فیلمی دڵۆپێک لە دەریا لەهۆڵی ٥ی ئازار پێشانی خەڵکی ڕانیە درا، لەم بارەیەوە مامۆستا **کاروان سلێمان وەرتی** دەرهێنەرو سیناریۆنووسی فیلمەکە بە **ڕۆژی گەلی** ڕاگەیاند کە نیازی وایە ئەو کورتە فیلمە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بگێڕێ و پێشانی کورستانیانی بدات.

فیلمی دڵۆپێک لەدەریا باس لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەکات کە دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە، هەربۆیەش دیمەنەکانی خەڵک سەرسام دەکەن.

کاروان سلێمان وەرتی دەرهێنەری فیلمەکە لە وتەیەکدا گوتی:'من هەمیشە هەوڵ دەدەم کارێک بکەم کە ئەداکردنێکی ئەوتۆی تێدابێت کە کێشەو ئازارەکانی میللەتەکەم لەخۆبگرێتەوە'

بەگوتەی ئەوانەی فیلمەکەیان بینووە، فیلمەکە لە ئاستێکی باش دایە، کارەکانی بە ڕێکوپێکی ئەنجام دراون، هەرئەمەش وایلێکردووە کە جەماوە پێشوازی زۆری لێبکەن و دەستخۆشی لە دەرهێنەر بکەن.

## ژوانگە

### تراویلکە

ئەگەر وەک خۆی سەیری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکەین، ئەو خاتوونە بە ژن و باڵایەکی بێ ئەندازە جوانی هەیەو ڕێبوارانی ئەو ڕێگەیەش بە ئومێدی دیداری ئەو، ڕێگای بیابانیان گرتەبەر، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی سیاسیانە لێی بڕوانین، دەبینین وەک تراویکە لە هەرهەنگاوێکیدا لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە.

لەوە دەچێ لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەنگاوی پێچەوانە هەڵبگیرێتەوەو بەرەو پەشیمان بوونەوە بڕوات.

ماوەیەکە ئەمریکاو عێراق لە گفتوگۆو دانوستاندن دان بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەو لیژنەیەی ئەرکی دانوستانەکانیشی پێ سپێردرابوو، چەند ئەندامێکی کوردیشی تێدابوو، کەچی نوری ئەلمالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کارەکانی لیژنەکەی هەڵپەساردو کوردەکانیشی لاداو عەرەبی لە جێگا دانان.

تێگەیشتن لە نیازو مەرامەکانی ئەلمالکی بۆ کورد ئاسانە، چونکە کورد مێژوویێکی دووروردرێژی لەگەڵ عەرەب هەیەو دەزانێ لە بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبنەوە.

بەدرێژایی مێژوو کورد نەیویستوە سوود لە لاوازی و بێهێزی دوژمنەکانی وەربگرێ، هەمیشە لەکاتی لاوازیدا سەنگەرمان لەگەڵیاندا قایم کردووە، بە پێچەوانەشەوە لە بچووکترین خاڵی لاوازی ئێمەدا، ئەوان کەڵکیان وەرگرتووەو لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە. ئەوەتا کەمێک گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردو هەڵکشانی پشتگیری زیاتر بۆ بەغدا، هەنگاوی یەک لە دوای یەکی خراپتری حکومەتەکەی ئەلمالکی بۆ دەردەکەوێت، لەبەرامبەردا ئێمەش خۆمان بە پەتی دەستوور هەڵواسیوەو پێمانوایە دەستوور لە هەموو کێشەو ململانێکان دەربازمان دەکات و چەکێکی کاریگەریشە بە دەستمانەوە بۆ شەڕکردن، بێ ئەوەی ئاگامان لەوەبێ کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی هێز دەتوانێ هێز بتوێنێتەوە.

گۆڕینی ئەندام کوردەکانی لیژنەی دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکادا، خوێندنەوەیەکی وردی گەرەکەو پێویستە سەرکردایەتی کورد زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکات، چونکە بە دوور نازانرێ عەرەب لەگەڵ ئەمریکادا بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئەو ڕێککەوتنەش لەسەر حسابی گەلی کورد بێ و بەتایبەتیش بۆ دەرهێنانی کەرکوک لە دەستی کورد، ئەوکات ئێمە دەستمان لەبنی هەمبانەکە دەردێ و هیچمان بۆ نامێنێتەوە.

دەبێ سەرکردایەتی کورد بە ڕاشکاوی قسە لەسەر ئەم هەنگاوە دوژمنکارانەیە بکا و ڕێگەنەدات هەنگاوی دیکەی بە دواوە بێت، چونکە ئێمە خۆمان بەرپرسیارین لە چارەنووسی خۆمان نەوەکو خەڵکی دیکە.

لەمەبەدوا نابێ سەکردایەتی کورد لەبەرامبەر گەلەکەیدا هێندە خۆی بە زل بزانێ و بۆ کێشەو گرفتەکان نەگەڕێتەوە بۆ ڕای گشتی کوردستان هەموو پرسێک دیزە بە دەرخۆنە بکات، چونکە گرفتی گەورەی ئێمە لەوەدایە هەرچی نەهامەتییەک بەسەر گەلی کورد هاتبێت و هەر سەرکەوتنێک کورد بەدەستی هێنابێت، ڕای گشتی ئاگاداری نەبووە، تەنها سەکردەکان بڕیاریان لێداوە ئینجا باش یان خراپ بوو بێت.

ئەوەش دەیسەلمێنی کە تۆزقاڵێک ڕەوایەتی بەگەل نەبینراوە تا بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، هەمیشە لەژێر دەستەڵاتێکی هەرەمیدا ژیاوە، ئەوەی لەسەرەوە دانیشتووە لە جیاتی گەل بیری کردۆتەوەو لەجیاتی ئەویش بڕیاری داوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نابێ خۆیشی لەبەرامبەر دوژمن و زلهێزەکان بەکەم بزانێ، بۆیە هەموو فەرمانێکی ئەوان بەڵێ لە دەمی بڕژێ!

**سەرنووسەر دەینووسێ**

ڕۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتیە، ژمارە (215) یەکشەممە 2008-8-31

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com